# کوردسات بۆ وانەبێ؟

وەڵامێك بۆ هەوار كەركوكی
ڕۆحی كوردێك - كوردستان
rohikurdek@yahoo.com

كوردسات بۆچی بەم شێوەیە. ئەمە بابەتێكی بەڕێز خوشكە هەوار كەركوكی بوو، لەسەر كوردسات نوسیبووی. لە ڕۆژی 04/27/10 لە ماڵپەڕی كوردستان نێت بڵاوكرایەوە.

كە ئەم بابەتەم خوێندەوە، بابەتەكەی د. جەباریشم هاتەوە بیر كە دەڵێ: یەكیەتیو پارتی مۆدێلێكی خراپیان پێشكەشی كەركوك كردووە. هەروەها دەیان بابەتو تێڕامانی تر لەسەر كەركوك. ئەو كەركوكەی بۆتە قوربانی ململانێی ئەو دو زلهێزە. ئەوەی زۆر جێی داخ بوو ئێوارەی ڕۆژی 25ی ئۆكتۆبەر بوو ئەو ڕۆژەی لە كەركوك خۆپیشاندانێكی زەرد بەڕێوە چوو منیش بە تامەزرۆوە لە پێش كوردسات تی ڤی دانیشتم داخۆ لە كەركوك چی ڕووی داوە! بە داخەوە هەرچی دەنگو باسی سیستانیو عەلاویو زەرقاویو ژەهراوی هەیە خوێندیەوە باسی ئەو خۆپیشاندانە گەورەی یا گچكەی كەركوكی نەكرد. دەزانن بۆ چونكە بقەكان پێهەڵسابوون. ئەوە هەر حاڵی كورد بووە!! ئامادەن مل كەچ بكەن بۆ داگیركەر، لێ ئامادەنین بە سەروەریو شكۆمەندی بەیەكەوە بە هەرەوەرزی كار بكەن. كورد گۆتەنی: تۆی پێكنەشان. خۆ هەموو خەڵكیش دەزانێ ئەوە هەڵپەی هەڵبژاردنە بۆ جێگرایەتی، بۆیە لە كەركوك ئامادەن.

بەرائەتی گلەییو هیواكانی ڕێزدار هەوارو دەیانو سەدانی وەك ئەویش هێمان بۆ شەرمەزار بوونی هەموو ساتێك لە ساتەكانی ئەو دوو هێزە بە سالآچووەی كە نازی عەلاویو گەرمای عەرەبستان بە هەموو نازە بێ نازەكانی كەركوكو تێكڕای كوردستان ناگۆڕنەوە. چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا ڕایانگەیاند لەسەر هەموو شتێك پێكهاتوون، بەڵام نەمان زانی ئەو كۆك بوونە مێژووییە لەسەر چی بوو؟ دەزانن بۆ ڕایاننەگەیاند؟ چونكە ئەوان پێكهاتوون كە پێكنەیەن. لەسەر هیچ شتێكیش پێك نەهاتوون تایبەت بێ بە هیواكانی گەلی كورد. بە چارەنووسی كورد، بە چارەنووسی كەركوكیش.

لەسەر هیچ شتێ لەو شتانە پێك نایەن كە یەكەم شەرارەی شەری وێرانكاری ناوخۆی لێكەوتەوە. ئەوەی لەسەری پێكهاتوون پاراستنی دەسكەوتەكانیانە لە بەغدا، ئەویش فیفتی فیفتی بوونەو بە مانەوەی جێگرێكی زەرد بۆ سەرۆك شەممەریو جێگرێكی كەسكیش بۆ عەلاوی. ئەوەش لە گەورەییو تەوازوعی ئەو دوو زلهێزەیە، حسن الظن مەوجودە. گرنگ ئەوەیە ئەوان لە پشت پەردە كاردەكەنو

شیمالی حەبیب بە عیراقی عەظیمەوە گریَ دەدەنەوە. با هاوار خانیش دڵی نەڕەنجیَ لە کوردسات، چونکە ئەوان برا بچووکییان لیَ دیَت، ئیَمەش دەبیَ پشت بە هیَزی لە بن نەهاتووی گەل ببەستین.

ڕوحی کوردیَکیش، ڕوحی هەر کوردیَکی پاکو دڵسۆز لە ترسان نیە ناوی خۆی نانوسیَ، چونکە لەسەنگەری نەتەوەکەی خۆی دایە، پشت ئەستوورە بە هیواو ئاواتی هەموو تاکیَکی کورد. بەڵکو ناونەنوسینم ناڕازیبوونیَکە لەسەر ئەو دیموکراتیە شاخدارەی باشووری کوردستان. پیَم دەڵیَن ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ دەرودراوسیَیان مۆدیَلیَکی باشە، شتیش بیَ کەموو کوڕی نابیَ. دەڵیَم کورد بۆ ژیاندنەوەی ئیمارەتە نەحسەکان شۆڕشی نەکردبوو. کورد بۆ قائیدی ئەبەدیو ئەوحەدو زەرورەو حیزبی قائید شۆڕشی نەکردووە. کورد بۆ گەڕاندنەوەی گەوهەرو مانا شۆڕشی کردووە، مانای تەواوی ئازادی، دیموکراسی، سەربەخۆییو ڕزگاری. بۆ پیَتان وایە ئەگەر بشترسیَین لە پاراستنو ڕزگاری عەیبە. کەمیان ڕۆڵەی کورد بە ئەجەلەمەرگی کوشتووە. گەوهەرو عەقڵی ئەوانە نەگۆڕاوە. عەقڵ هەر عەقڵی سەردەمی ڕژیَمی کۆنەو نەگۆڕاوە. تا عەقڵیش نەگۆڕیَ ژیانی هەمووما‌ن هەر لە مەترسیدا دەبیَ. ئەو نوسینەشم لە ڕق لیَبوونەوە نیە بۆ ئەو دوو زلهیَزەی زل بۆ عائیلەو حیزب. بەڵکو لە خەفەتباریمە بۆ ئەو میللەتەی بیَ زلهیَزە.